

مەسرور بارزانی بە توندی سەرکۆنەی هێرشەکەی مۆسکۆ دەکات

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هێرشەکەی شەوی رابردووی سەر مۆسکۆی پایتەختی رووسیای بە تیرۆریستی ناوبرد و بە توندیش سەرکۆنەی کرد.

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس بڵاوی کردەوە "بە توندی سەرکۆنەی هێرشە تیرۆریستییەکەی شەوی ڕابردووی مۆسکۆ دەکەم".

مەسرور بارزانی بڵاویشی کردەوە "هاوخەمم لەگەڵ کەسوکاری قوربانییەکان و بریندارەکان و خەڵک و حکوومەتی ڕووسیا لەم ساتە سەختەدا".

شەوی رابردوو لەلایەن چەند چەکدارێکەوە هێرش کرایە سەر هۆڵێکی ئاهەنگگێڕان لە مۆڵێکی قەرەباڵغی دەوروبەری مۆسکۆی پایتەختی رووسیا، چەکدارەکان بە هەڕەمەکی تەقەیان لە هاووڵاتییان دەکرد و نارجۆکیان بەکاردەهێنا، دوایین ئامارەکان دەری دەخەن کە لە ئەنجامی هێرشەکەدا 93 کەس کوژران و زیاتر لە 150 کەسی تریش بریندار بوون.